# به سفركردنی هەژاریی له كوردستان، نموونەی بەرازیل

عەلی مەحموود محەمەد

سەرۆك لویس ئیناسیۆ لۆلا له بەرازیل كاتێك گەیشت به دەسەڵات , هەنگاوی یەكەمی دەركردنی هاووڵاتیان بوو له هەژاریی , له ٨ ساڵ دەسەڵاتداری ئەودا ٣٠ ملیۆن بەرازیلی له دەردی كوشندەی هەژاری رزگاریان بوو , كاتێك كورسی دەسەڵاتی بەجێ هێشت ٨٧% هاووڵاتیانی بەرازیلی پشتیوانیان لێ دەكرد كەبێ وێنه بوو له مێژووی بەرازیل , تەواو پێچەوانەی سەرۆك حوسنی موبارەك , كاتێك دەركرا كەسی به دەورەوە نەما له سایەی دەسەڵاتی ئەودا هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر بوون.

لێرەدا پرسیار ئەوەیه حكوومەتی كوردی لاسایی كام لەو دوو ئەزموونه دەكاتەوە , نمونەی لۆلای بەرازیل یان موبارەكی میسر ؟.

له مانشێتی رۆژنامەی هەولێری ژماره ٩٦٦ی بەرواری ٩-٢-٢٠١١ هاتووه له كوردستان ١٢٠ هەزار خێزان رۆژانه هەزار دینار داهاتیانه .

ئەگەر هەر خێزانێك به ٤ كەس دیاریبكەین ئەوا نزیك نیو ملیۆن هاوڵاتی كوردستان داهاتی رۆژانەیان ٢٥٠ فلسه , لەوڵاتێك به هۆی رێژەی بەرزی هەڵئاوسانەوە رۆژانه ئاستی ژیانیان زیاتر دێنێته خوارەوە .

ئەگەر ئەم ئاماره دروست بێت و نیوەی ئەو ژمارەیه له هاووڵاتیانی كوردستان هەبێت لەو دۆخەدا بژێن بەو دەوڵەمەندی و ژماره زەبلاحەی خەرجی دەوڵەتەوە ئەوا كارەساته .

بۆ چارەسەركردنی هەژاری و باشتر كردنی باری ژیانی هەژارانی كوردستان باشتر وایه لەم ١٢٠ هەزارەوە دەستپێ بكرێت , چارەسەریش ئەوەنده گران نییه ,نزیك ٦%ی بودجەی هاتوو له بەغدا دەتوانێت ئەو كێشەیه چارەسەر بكات و ئەم نیو ملیۆن مرۆڤه له له هەژاری رزگار دەربكات .

هەرچەنده مەزەنده دەكرێت ئەو ١٢٠ هەزار خێزانه ئەگەر لێكۆلینەوەی وردی لەسەر بكرێت ژمارەكه زۆر كەمبێتەوە .

من پێشنیار دەكەم چارەسەركردنی ئەم كێشه گەورەیه چەند رێگایەك بگرترێته بەر :

١- ليَكۆلَينەوەی ورد  لە هەقیقەتی ئەو ئامارە مەترسیدارە بكریَت و ئەو خیَزانانە پۆل بەندی بكریَن بە شیَوەی شەفافانە و ناوەكانیان بلاَو بكریَتەوە بە پیَی گۆڕ ەكەكانیان , بۆ ئەوەی خەلَكی چاو چنۆك دزە نەكاتە لیستەكەوە .

٢-  هەلی كاركردن بۆ ئەم خیَزانانە لە دەزگاكانی دەولَەت گرنگیپیَ  بدریَت , بە تایبەت خیَزانی وا هەیە هەموو ئەندامەكانی كارمەندی دەولَەتن و هی دیكەش  هیچ ئەم جیاكارییە كۆتاییپیَ  بهیَنریَت , هەلی كار بۆ ئەم هەژارانە پیَك بهیَنریَت بۆ ئەوەی ژمارەیان بیَتە خوارەوە .

٣-  كۆمەكی مانگانەی ئەو خیَزانانە بكریَت كە هەلی كاریان بۆ دابین ناكریَت , بە پیَی ژمارەی ئەندامەكانی و بوونی (( قوتابی , نەخۆش , پیر و پەكەوتە )) لەو خیَزانانە ,كە موچە خۆر یان  كەسی كاركەریان لە مالَەوە نییە , بە تایبەت ئەوانەی كەسیان نییە لە رۆی جەستەییەوە توانای كاری هەبیَت بە هۆی  (( مردن ,پیری, نەخۆشی )) یەوە . هەر یەك  لەو خیَزانانەی  هەموو خالَەكانیان هەبیت هەر ئەندامیَكی خیَزانەكە بەبڕ ِ ی ٥٠ دۆلار  مانگانە كۆمەكی بەردەوام بكریَن ,بنەمالَە هەژارەكانی دیكەش كە سەرۆك خیَزان بیَكارە و توانای كاری هەیە ,بە پیَی بوونی ژمارەی (( قوتابی , پیری , نەخۆشی ,منالَی , بیَوەژنی )) لەو بنەمالَەیە كۆمەك بكریَن  بە هەمانبڕ ِ ە پارە.

گریمان ئەگەر بودجەی كوردستان ١٠ ملیار دۆلار بیَت لە سالَیَكدا بە لانی كەمەوەو  ژمارەی ئەو هاولاَتیانەی كوردستان كەبڕ ِ یارەكە بیان گریَتەوە نیو ملیۆن هاوولاَتی بن بە لایەنی زۆرەوە , ئەواجیَ بەجیَكردنی ئەمبڕ ِ یارە سالاَنە ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری دەویَت ,كە دەكاتە ٦%ی بودجەی  كوردستان بە لانی زۆرەوە , ئەمەش بە پیَی بودجەی هەریَم و ژمارەی هەژاران مایەیجیَ بەجیَ  كردنە , بە ئەولیەت دان بەم بنەمالاَنە لە دابینكردنی هەلی كار لە دەزگا حكوومیەكان ئەوا سالَ  لە وای سالَ ریَژەكە كەمتر دەبیَتەوە .

ئەگەر دەسەلاَتدارانی كورد دەیانەویَت چاو لە سەرۆك  لولای پیَلاَو بۆیەكەر بكەن  كەبە ٨٧% جەماوەرەوە گەڕ ایەوە گەڕ ەكە هەژار نشینەكەی بەرازیلیا , ئەوا با چاری ئەو دەردە كوشندەیە بكەن , ئەگەریش دەیانەویَت چاو لە بن عەلی و موبارەك  بكەن بە ٠% جەماوەرەوە لە ولاَت  هەلاَتن , با گویَ بە مەرگە ساتی ئەو هەژارانە نەدەن .